# ڕۆژنامەی پێشکەوتن ۱۹۲۰ ـ ۱۹۲۲ و کاریگەری لە بزوتنەوەی ئەدەبی دا

د٠ محمد دلێر امین محمد / کۆلیجی زمان/ زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی :**

ڕۆژنامەی ( پێشکەوتن * ) کە یەکەمین ڕۆژنامەیە لە کوردستانی باشوور و لە شاری سلێمانی دا دەربچێت ، لە ڕێگای ( ۱۱۸ ) ە ژمارەوە توانی خزمەتێکی زۆر بە بزووتنەوەی ئەدەبی بکات بە تایبەت بە دیالێکتی ناوەڕاست ، ئەم ڕۆژنامەیە کە یەکەم ژمارەی ڕۆژی ۱۹۲۰/٤/۲۹ و دوا ژمارە ی ۱۹۲۲/۷/۲۷ لەو چاپخانەیە دەرچوو کە ئینگلیزەکان هێنایانە سلێمانی و مەبەستیان بوو لە هەل و مەرجی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و وریا بوونەوەی نەتەوە ژێر دەستەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ڕێگای ڕۆژنامە نووسی‌یەوە ئامانجی خۆیان بڵاوبکەنەوە، بیری نەتەوەیی گەشە پێبدەن ، نەك بەمەبەستی دابین کردنی سەربەخۆیی بۆیان بەڵکو بۆ بە گژداچوونەوەی کلتووری عوسمانی کەلە ڕێگای سۆزی ئایینی‌یەوە کاریگەری لەسەر خەڵك و ناوچەکە مابوو ، مەبەست لە هێنانی ئامێری چاپ بۆ سلێمانی و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بە زمانی کوردی - دیالێکتی ناوەڕاست — لەو ڕۆژگارەدا بۆهەرمەبەستێ‌بوو‌بێت ، پرۆژەیەکی ڕووناکبیری و سەرەتاو دەستپێکی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی ، زمانەوانی ، سیاسی ،کۆمەڵایەتی‌یە٠ چەسپاندنی زمانی نووسینە لە ناوچەیەکی کوردەواری وەك سلێمانی‌دا ٠

لەم توێژینەوەیەدا ، هەوڵ ئەدەین ڕۆڵی ئەو ڕۆژنامەیە لەو ماوەیەدا ، لەسەر لایەنەئەدەبیەکە دیاری بکەین و ئەو ژانەرو کەرەسانە دەست نیشان بکەین کە لەو سەرچاوەیەوە سەریان هەڵداو گەشەیان کرد ٠

ئەبێت ئاماژە بەوەش بدەین کە تا ئەمڕۆ ، لەچەند وتارێکی خێراو سەرپێی زیاتر ، توێژینەوەیەکی زانستی سەبارەت بەم ڕۆژنامەیە نەکراوە [1] و ڕەنگە زۆر لایەنی تر هەڵبگرێت و مەودای نووسین سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو ( ۱۱۸ ) ژمارەیە فراوانە ، بە ئومێدی ئەوەی ئەم توێژینەوەیە سەرەتایەك بێت بۆ هەڵسەنگاندن و تاووتوێ کردنی لاپەڕەکانی لە ڕوانگەی زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندنەوە ٠

**بزوتنەوەی ئەدەبی پێش دەرچوونی پێشکەوتن :**

گەربەسەرنجی زانستیانە،بڕوانینەبزوتنەوەی ئەدەبی، پێش ساڵانی١٩٢٠زبەتایبەت لەناوچەی‌سلێمانی‌ودەوروبەریدا ئەتوانین ئاماژە بە قوتابخانە شیعرییەکەی نالی وسالم و کوردی بکەین کە بە قوتابخانەی بابان بە ناوبانگە و(( هەوڵ و کۆششی نالی و هاوڕێکانی کە ڕابەڕ و دەستەی یەکەمی ئەم قوتابخانە ئەدەبی‌یە بوون لە خاڵێکی سەرەکیدا دەرئەکەون ، ئەویش گۆڕانی ئەو ڕێڕەوە دوورو درێژە بوو کە لەمێژووی ئەدەبدا پەیڕەو ئەکرا کە بریتی بوو لە نووسین بەزمانی نەتەوەکانی دراوسێ ،شیعرو دیوانی شیعر بە زمانی کوردی ،ڕێبازی خۆی گرت و دەستەی دووەم لە شاعیرانی دەوروبەری سلێمانی و ناوچەکانی تری کوردستان بە پیر ئەو بزوتنەوە ئەدەبیەوە هاتن ))[2]

ئەو بزوتنەوە ئەدەبی‌یە زیاتر لە شیعردا خۆی نواندوە و لەسەردەمی خۆیدا ( سەدەی نۆزدەیەم ) ، بەشێوەی زارەکی پەخش بووەو کە نالی چاپەمەنی نەبووە تا لە ڕۆژنامە یان دیوانی چاپکراودا بڵاوبکرێتەوە ،

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قوتابخانە ئەدەبی‌یەو هەوڵ وچاپوکی ئەوشاعیرانە،بناغەیەکی پتەوی بۆ شیعری کوردی بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست ،شێوەی سلێمانی داڕشت کە تائەمڕۆش سیمای ماوە،وەك دکتۆر عیزەدین ئەڵێ (( ئەو قوتابخانەیەگەر لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە گەلێك دیمەنی لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆماندا نەمابێ ٠ ئەوا فۆرمی ئەدەبیاتی ئەمڕۆمان هەر بەرەو پێش چوونی مێژوویی فۆرمی ئەدەبی ئەو قوتابخانەیەیە ))[3]

جگەلە شیعرو ئەدەبی فۆلکلۆری ،هەر لەم ناوچەیەدا ،سەرەتای پەخشانی کوردی سەری هەڵدا بەشێوەی هونەریەکەی وەك ((مەولوود نامە )ی شێخ حسێنی قازی کە نموونەیەکە بۆ ( سەجع )ی کوردی و سەرەتایەکە بۆ چیرۆکی هونەری ، بەلاّم ئەم جۆرە پەخشانە ئاینی‌یە هەر بە دەستنوسی مایەوە و دوای پانزە ساڵ واتە ( ١٩٣٥ ز) لە دەرچوونی رۆژنامەی ( پێشکەوتن ) بلاّوکراوەتەوە [٤] بەم گێرانەوەیە خێرایە دەرکەوت کە پێش دامەزراندنی چاپخانە لە شاری سلێمانی‌داتا ساڵی ١٩١٩ ز ، بەرهەمە ئەدەبیەکان ، بە شیعرو پەخشانەوە ،دەستنووس بوون و بەکەمی و لەناو دەستەی پیاوانی ئایینی و مزگەوتەکاندا بلاّوبووبوونەوە ٠

ڕاستە ئەو بزووتنەوە ئەدەبی‌یە کاریگەری لە ناوچەی خۆی و قۆناغی دواتردا هەبووە و وەك ڕێبازی کلاسیکی کوردی شێوەو ناوەرۆکی خۆی ، تا شەڕی یەکەمی جیهانیشی پاراستووە ، بەلاّم بلاّوبوونەوەی رۆژنامە ، بنەماکانی گۆڕیوە و کاری لە ناوەرۆکی لە پێشەوە و دواتر لە فۆرم کردوە ٠

شیعری کلاسیکی کوردی پێش رۆژنامە، وەك شیعری کلاسیکی رۆژهەلاّتی سیما و بابەتی گشتی تێدا بەدی ئەکرێ و شاعیرانی وەك ( نالی ، سالم ، کوردی )ی سەرکەوتووانە ڕێبازی کلاسیکی‌یان لە کوردستانی باشووردا ،چەسپاند و شارەزایانە یاساو پێڕەوی ئەو ڕێبازە شیعرییەیان لە چەندین مەبەست و ناوەرۆکی جیاجیادا نەخشان ، زمانی کوردیان کردە هاوشانی زمانی عەرەبی و فارسی کە بەهۆی فاکتەری ئایین و دەسەلاّتەوە ، قەلەم رەوی ناوچەی رۆژهەلاّتی گرتبووەوە ، بەشێوەیەکی گشتی شیعری کلاسیکی کوردی ، لەم مەبەست و ناوەرۆکانەدا ، خۆی ئەنواند :

١) شیعری دڵداری و خۆشەویستی ٢) وەسف ٣) شانازی کردن ٤) داشۆرین ٥) شیعری ئایینی یان تەسەوف

دیارە شیعری نیشتمانی خراوەتە خانەی شانازی‌کردنەوە ، بەلاّم شیعری سیاسی لەگەڵ شیعری نیشتمانیدا ناوێتە بوون ،شاعیرلەوسالاّنەی دەسەلاّتی‌بابان و دواتردا ،سۆزی نەتەوەیی و شانازی کردنی بەخۆی و نەتەوەو میرنشینەکەیەوە لەیەك مەبەستی شیعردا کۆکردۆتەوە ٠

دامەزراندنی یەکەمین چاپخانەویەکەمین رۆژنامە لە شاری سلێمانی ،بەناوی چاپخانەی حکومەت وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە بزاڤی ئەدەبی و رووناکبیری ئەم شارەدا ،وەك ئەزانین رۆژنامە نووسی و پرۆسەی بلاّوکردنەوەی چاپەمەنی بەندە بەدامەزراندنی چاپەوە ، هەر لەبەر ئەوەشە داهێنانەکەی گۆتەنبۆرگ سەدەی پانزەهەم بەیەکەم شۆرشی چاپەمەنی ناوزەد ئەکرێ ، گۆڕانێکی ستوونی و ئاسۆیی یە لە سستمی کۆمەلاّیەتی و گەشەی بیر و ململانێی سیاسی‌و ئابووری دا [٦] کوردستانی باشوور ، وەك بەشەکانی تری کوردستانی ژێردەستەی دەسەلاّتی عوسمانی ، پێش ساڵی ١٩١٩ ز لە چاپ و چاپخانە بێ بەش بوو لەبەر گرنگی ئەم رووداوە ، پێویستە مێژووی ئەم ئامێرە پڕ بایەخە وەك د٠ کمال مەزهەر باس ئەکات بیگێڕینەوە (( دوای دامرکاندنەوەی قۆناغی یەکەمی ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحموود کۆتایی بەهاری ١٩١٩ ز ئینگلیزەکان میجەر سۆنیان کردەحاکمی سیاسی هەرێمی سلێمانی ، بەو نیازەی زیاتر چاوی خەلکەکەی پێبترسێنن و زیرەکانەش دلیان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن سۆن بۆ ئەم فەرمانە لە هەموو ئینگلیزەکانی ئەو سەردەمە زیاتر دەستی دەدا، ٠ کوردیەکی باشی ئەزانی و باش شارەزای کون و کەلەبەری ئەو بەشەی کوردستان بوو ٠ وەك هەموو داگیرکەرێك ژەهرو شەکری تێکەڵ ئەکرد ٠ زۆر جار پەنای ئەبردە بەر ستەم و زۆرداری ،جاری واش هەبوو دەستی یاریدەی بۆ دەستەیەك درێژ دەکرد و ئەم و ئەوی ئەکڕی ٠ بەلاّم وەك ئەوروپاییەکی پێشکەوتوو بیری دەکردەوە، بۆ خۆشی کوردناسێکی گەورە بوو ، بۆیە دامەزراندنی چاپخانەیەکی کوردی بە پێویست ئەزانی ٠ هەر ئەو سەردەمەش ئینگلیزەکان ژمارەیەك چاپخانەی کۆنیان هێنایە عێراق بۆ ئەوەی کاری میری و پروپاگەندەی خۆیان باشتر بەرنەسەر٠ لەسەر پێشنیاری مێجەر سۆن یەکێ لەو چاپخانانە بەر شاری سلێمانی و یەکێکی تریان بەر شاری کەرکوك کەوت )) [٧]

دیارە پێش ئەو مێژووە ، تەنانەت لە قۆناغی یەکەمی دەسەلاّتی شێخ مەحموودا ١٩١٨ — ١٩١٩ ز ، هیچ چاپخانەیەك لە سلێمانی‌دا دانەمەزرابوو تا رۆژنامە و بلاّوکراوە چاپ بکرێت ، بە دامەزراندنی چاپخانەی حکومەت و بە هیمەت و کۆششی شاعیران و نووسەرانی ئەو رۆژگارە بە تایبەت شێخ نووری شێخ صالح ،جەمال عیرفان ، جەمیل صائب ، زەکی صائب ،زێوەر ، بێخود ، عەلی کمال باپیر ،، حەمدی ، فەوزی ، ئەسیری ٠٠ هتد

ڕۆژنامەی پێشکەوتن لە ٢٩/ نیسان / ١٩٢٠ یەکەم ژمارەی بڵاوبۆوە ٠

**ژانرە ئەدەبیەکانی ڕۆژنامەی پێشکەوتن :**

ا- پەخشانی هونەری :

لەنێوان ڕۆژنامەنووسی و پەخشانی هونەریدا ، زیاتر لە پەیوەندیەك هەیە ،ئەو کاتەی ڕۆژنامەنووسی گەشە ئەکات ، ئەدەبی نوێ و قەڵەمی نوێ لە پاڵ ئەزموونەکانی پێشوودا ، برەو پەیدا ئەکەن و جۆرەکانی پەخشان بەرگی جیاواز و ناوەڕۆکی سەردەمانە و مۆدێرن لەخۆ ئەگرن ٠

شاعیرو نووسەرانی ئەو قۆناغی گۆڕڕانەسیاسیە ، باری ئەدەبی و ڕووناکبیری و سیاسی‌یان بەرەو ئاراستەیەکی نوێ برد سەرەتاو بناغەیەکی پتەویان بۆ پەخشانی هونەری دامەزراند ، پەخشانی هونەری بە (وتار، چیرۆك، جاڕدان، ڕیپورتاج، بیرۆکە ) شێوازی دەربڕینی نوێبوون لە دوای شەڕی یەکەم و سەدەی بیستەمدا ٠

## وتاروجۆرەکانی :

وتاری ڕۆژنامە نووسیی پردی پەیوەندی نووسەرو خوێنەرە ،شیکردنەوەی ناوەڕۆك و مانای وتار ،مانای دیاریکردنی ئایدیاو بیری ئەو دەزگاو ناوەندەی لە پشتی ڕۆژنامەکەوەن (( پێشکەوتن )) وەك کەناڵی نووسراوی سیاسەتی ئینگلیز لە کوردستان و عێراقدا ، ڕاستەو خۆ و نادیار خزمەتی بەو سیاسەتە کردوە ، ئەم حاڵەتە زیاتر لە وتاری سیاسی‌دا ڕەنگی داوەتەوە ، ((وتارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بریتی‌یە لە هەواڵ و ئاگاییێکی بە زۆری کۆمەلایەتی وخوێندەواری ساکار بەلام گرنگ بۆ ئەو سەردەمەو بە تایبەتی کۆمەڵی شاری سلێمانی و دەوروبەری )) ( ٨ ).

پێشکەوتن لە ڕێگای وتارە سیاسی‌یەکانیەوە ، هەوڵی داوە بە شان و باڵی داگیرکەری نوێدا هەڵبدات و دەستکەوتەکانی زەق بکاتەوە ، لە ژمارەیەکی ڕۆژنامەکەدا کە بە ناونیشانی ( لە هەموو ماکینەیەك باشتر ماکینەی چاپە ) ، گەرچی باس لەگەورەیی داهێنانەکەی ( گۆتەنبەرك ) ی ئەڵمانیا ئەکات کەدروستکردنی ئامێری چاپە ، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت (( مەبەست دەسەلاتی ئنگلیزە- م.د )) بە هێنانی چاپخانە بۆ سلێمانی بەقەد ئەو دەستکەوتە گرنگە (( ئەم پیاوە کە خۆی زۆر بچوك بوو، بە داهێنانی ئەم چاپە زل زل بوو.زۆر زۆر زل بوو ناوی ( گۆتەنبەرك ) بوو ، بەلام ئەو بەم هەموو زلیەوە بە قەد حکومەت و ئەم حاکمی وەختە زل نەبوو ،چونکە هەرچی ئەو دایهێنا،بەلام ئەمیش بۆ ئێمەی داهێنا........... ئێمە بەوەی کە ئەمان ویست ئەمڕۆ پێی گەیشتین ، خوا لەم حکومەت وحاکمە بە زیادکا ))( ٩ ) سیاسەتی ئینگلیز لەو ڕۆژگارەدا ،دژایەتی تورك و بەلشەفیك بوو ،هەروەها پڕوپاگەندە بۆ دەسەلاتی مێجەرسۆن و خۆشەویست کردنی لە ناو کورددا کە یەکەم داگیرکەری نوێ بوو ( ڕۆژئاوایی ) کە بیەوێ ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایی بکات و جێ دەستی لە گۆڕانی سیماو ئاوەدانکردنەوەی شار و پەیوەندی کۆمەلایەتیدا هەبێت .

لەو هەل و مەرجەدا ،لایەنگیرانی تورك ( جل خوارەکان ) لەسلێمانی و دەوروبەریدا ، زۆربوون و هەژموونیان بەسەر دیدو سۆزی ئایینی خەڵکەوە هەبوو، بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو لایەنە ،( پێشکەوتن ) بە وتارو هەواڵ دریغی نەئەکرد، خەڵکی هان ئەدا بەراورد لە نێوان دەسەلاتی تورك و ئینگلیزدا بکەن کە خۆیان ڕاستەوخۆ ستەم و زۆریان چێژ تبوون (( هەموو کەس دەزانێ لەزەمانی پێشوودا ، عمومی مەئمورین حکومەت لەنەزەر میللەتدا زاڵم و جەمیعی میللەتیش لەبەرچاوی مەئمور ئەشقیاو خائن بوون .......ژاندرمەبوو بۆ مەنفەعەتی خۆیان ئەزیەتی میللەتیان ئەدا، زوڵم و غەدریان ئەکرد ، پارەیان بەزۆر ئەسەند ..... ئەمڕۆ لەکائینات مەعلومەو کەس حەدی ئینکاری نی یە بانی عەدالەت و حوریەت و مەساوات ،حکومەتی فەخیمەی بەریتانیایە وە ئێمەش لە حیمایە و سێبەری ئەو عەدالەتەداین حکومەت وحاکممان میللەت و مەئمووری لەبەر چاو وەکو یەك وایە ، یەعنی لەهیچ وەختێکدا قبوڵ ناکرێ کەس غەدر لەکەس ناکا و حەقی کەس ناکا بەناحەق مختەصەر زوڵم نەماوە ...... ))( ١٠ )

لەهەموو ئەو ڕۆژنامانەی لەدوای داگیرکردنی عێراقەوە لەلایەن ئینگلیزەوە دەرچوون وەك (تێگەیشتنی ڕاستی ) و ( العرب ) و ( پێشکەوتن ) ، بەچاودانەوەی ئەو دەسکەوتانە نوسراون کە بەهاتنی ئینگلیزەکان جێبەجێکراون ، لەم بارەیەوە

د.كمال مەزهەر ئەڵێ :- (( هەر لەژمارەیەكدا ( تێگەیشتنی ڕاستی ) كەوتەباسی ئەوەی چۆن ( جادەی مەملەكەت بەچرای ئەلەكتریك ڕۆشن كرایەوە و شەو لەگەڵ ڕۆژ دا ئەوەندە فەرقی نەما ) ....... ))[11]

وتاری ئەدەبی و زمانەوانی شوێنی خۆی لە ڕۆژنامەی ( پێشكەوتن ) دا گرتووە ، گەرچی ئەم وتارانە توێژینەوەی قووڵ نین و شۆڕبوونەوە نیە بە ناوبابەتی زمانەوانیدا ،بەڵكو زیاتر هاندان و پاڵپشتی نووسینن بە زمانی كوردی ، بەواتایەكی تر زیندووكردنەوەی بانگەوازو پرۆژەكەی نالی شاعیرە كە سەدەیەك پێش ( پیشكەوتن ) جاڕی داو پیرۆزی و شكۆمەندیدا بە زمانی كوردی و هاوشانی عەرەبی و فارسی و توركی كرد[12] بۆ ئەو كاتە كە كەناڵی گواستنەوەی بیرو گەشەی زمان ، شیعر بوو ، نالیو سالم و كوردی ، سەرەتایەكیان بۆ زمانی نەتەوەیی دامەزراند و دواتر بووە زمانی قوتا بخانەو خوێندن و ڕۆژنامەنووسیی ناوچەی سلێمانی و بەشێكی كوردستانی باشور ، ئەو خواست ومەرامانە لە وتاری ئەدەبی گرنگدا پەخش كراون كە هاندانی نووسەرانن بۆ نووسینی پەخشانی هونەری بەزمانی كوردی ، وەرگێڕان شیكردنەوە ، ئاگاداریو جاڕدان .... هتد كە هەموونەمانە وەك نووسین لە لاپەڕەی ڕۆژنامەدا ،نوێ بوون ،یەكێك لە نووسەرە چالاكەكانی ( پێشكەوتن ) كەمستەفا قەرەداغیە لە ژمارە ( ١٠ ) دا ئەنووسێ : (( دەبێ زۆر خۆش بین كە دەوڵەتی فەخیمەی بەریتانیا بە كوردستانی ئێمە ئەم ئیمتیازەی داوینێ ، نووسین وخوێندنەوە و معامەلاتی ڕەسمیەمان بە زمانی خۆمان بێ ، بەلام پێشكەوتنی ئەم زبانی ئێمەیە چەند شتێكی دەوێ لەسەر هەموومان پێویستیە هەوڵی بۆ بدەین :

١- بۆ جیاكردنەوەی قسەی ساغ و ناساغ وەكو زبانەكانی تر صەرفێكی دەوێ . ئەم ئیشە زۆر گران نیە......

٢- چونكە ئەم زوبانە بەشێوەیەكی جیاوازی نیە ، فێربوون و پێ ڕاهاتنی خوێندنەوەی بە شێوەی نووسینی فارسی و عەرەبی بۆ هەندێ كەس گرانە ، بەلام ئەگەر چەند كەسێ لە ئەهل زانست و بیردار خەریك بن ، ممكینە شێوە نووسینێكی بۆ دانێن بە چاودێری حكومەت ، وەلە مەكتەب و قوتا بخانەكاندا بەجێ ببینرێت،....... ))[13]

ئەم نووسینە بۆ سەردەم و قۆناغەكەی زۆر گرنگە و ڕەنگ ڕێژی نەخشەیەكی زانستیە بۆ گەشەی زمانی كوردی ، ئەتوانین بەم چەند خاڵە چڕی بكەینەوە :

١- ئەگەر چی ستایشی حكومەتی داگیركەر ئەكا بەلام هەلی نووسین بە كوردی كە ڕێگای پێدراوە كارێكی باشەو ئەكرێ زیاتر سوودی لێ وەرگیرێ و ئەم ئەركە بەرپرسیارێتی ڕووناكبیرو نووسەرو شاعیرانە چۆن ئەو دەرفەتە ئەقۆزنەوە ، وەك چۆن لە هەل و مەرجی سیاسیدا ڕووناكبیر بتوانێ خۆی بسە پێنێ و گوتاری نوێ بەرهەم بهێنێ .

٢- سەرەتای جیاكردنەوەی زمانی گفتوگۆو زمانی نووسین ،ئەمەش بەهۆی دەستوری زمانەوە كە بەداخەوە تائەو ساتە وەختە ، كتێبێكی كوردی بۆ دەستووری زمانی كوردی لەلایەن كوردێكەوە نەنووسراوە و كلیلی فێربوونی ئەم زمانە سەخت بووە و بەمەش دەرفەتی باش بۆ زمانە هاوشێوەكان یان ڕاست بڵێین ئەو خێزانە زمانەی زمانی كوردی لەگەڵیدا لەژێر یەك ڕەشماڵ و گروپدا كۆدەبنەوە ڕەخساوەكە ،بەهۆی ئەوەی كەڕێزمان و دەستووریان نووسیوەتەوە توانیویانە ئەم زمانە وەك دیالێكتێكی خۆیان ناونووسی بكەن.

٣-ئەم جۆرە وتارانە ، هاندەری ڕووناكبیرانی ئەو سەردەم و قۆناغانە بوون كە دەستووری زمانی كوردی بنووسنەوە بە تایبەت بە دیالێكتی ناوەڕاست شێوەی سلێمانی وەك ئەبینین چەند ساڵی دواتر سعید صدقی كابان ، موختەصەری سەرف و نەحوی كوردی بە چاپ گەیاند[14]

پێشكەوتن دوای ( ٤٢ ) ژمارە ، ئەیەوێ ئەو ڕاستیە بۆ نەیارانی زمانی كوردی دووبارە بكاتەوە كە دوای ئەو ئەزموونەی ڕۆژنامەكە ، كوردی نووسین بۆتە كارێكی ئاسان و ئەكرێ بەم زمانە بنووسین و بخوێنینەوە ، ئەگەرچی سەرەتاكەی گران بووەو زمانی توركی وفارسی و عەرەبی بەهۆی دەسەلاتی سیاسی و ئایینیەوە مەودای ئەو كارەی نەداوە و هەوڵ و كۆششی زۆری ویستووە ، دیارە دەركردن و بلاوبوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیە سەر تاسەربە زمانی كوردی ئەو گەڕانەوەیەی بۆ بایەخدان بە زمانی كوردی پتەوتركرد.[15]

هەر لەبابەتی وتاردا ، وتاری كۆمەلایەتی شوێنێكی گرنگی لە ڕۆژنامەی ( پێشكەوتن ) دا گرتووە، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخی دواكەوتوویەی كوردستانی تێدابووەو كۆمەڵگا پێویستی بە نوێبوونەوەو چاكسازی بووە. ڕۆژنامەكە (( لە گشت بابەتەكاندا تێكەڵ بەخەم و كاروباری گشتی دەبووەوە .لەشەقام و بازاڕو چا یخانەكاندا لەژیانی خەڵك نزیك دەبووەوە.

له پێناو پێگەیاندنیان لەڕووی شارستانییەوە هەوڵی دەدا ، هەروەها بۆ وەلانانی ڕەفتاری زیانبەخش و پاشکەوتوو ))[١٦] کەم ژمارە هەیە وتارێکی لەبارەی خوێندن وبایەخی قوتابخانەو هاندانی فێربوونی پیشەو دژایەتی خوو و نەریتی خراپ تێدا نەبێت ، کە ئەو وتارانە ئاوێنەی ئاکاری کۆمەلایەتی کوردن لەو قۆناغەی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و پابەندبوونی تاکی کوردە بەکەلتووری عوسمانی و ئاسەواری دواکەوتوویی وهەژاری وبێ ئاگایی لە دەوروبەر، وتارە کۆمەلایەتیەکان بەوردی دەردەکان نیشان ئەدات و ڕێگای چارەسەریان ئەخاتە ڕوو، دیارە قەڵەمی پیاوانی ئایینی و ڕووناکبیرانی ئەو کاتە لەو مەیدانەدا کاریگەربوون کە بەزمانی کوردی و نووسینی پاراو وئاوێتە بە دەقی ئایینی و پەند و نموونەی بە هێز داڕێژراون.

**بایەخدان بە زمان و ئەدەبی کوردی:**

( پێشکەوتن ) وەك یەکەم دەست پێشخەرو داهێنەر لە بواری پێشبڕکێی ڕۆژنامە نووسیدا ، جاڕیگرەوێکی داوە بەمەبەستی گەشەو پاکژکردنی زمانی کوردی ( مێجەرسۆن ) لە پشت بیرۆکەی ئەم گرەوەوەیە و مەبەستێتی نووسینی کوردی لە دەستەواژەی بێگانەی عەرەبی و تورکی و فارسی دوور بخاتەوە و سەرەتایەك لەو ڕۆژنامەیەوە دەست پێ بکات، دیارە بۆ ئەو قۆناغەو ململانێی سیاسی ئینگلیزو تورك ومیللەتانی دەوروبەر گرنگ بووە کورد لە ڕێگای چەشەی زمانەکەیەوە پەرە بە بیری ناسیۆنالستی خۆی بدات و پێگەیەك لە هەستی نووسەرو شاعیرانی ئەو دەمەدا دامەزرێنێ ،ئەنجامی ئەم پێشبڕکێیە (م.نوری و زەکی صائب و جەمیل صائب ) خەلاتی یەکەم و دووەم و سێیەمی ڕۆژنامەکەیان وەرگرت و [١٧] ناویان لە مێژووی هاوچەرخی کوردیدا وەك شاعیرو پەخشاننووسی سەرکوتوویی ئەو دەرفەتە تۆمارکرا ،ئەم گرەوە بایەخی لەوەدا دەرئەکەوێ کەوەك عومەر مەعروف بەرزنجی ئاماژەی پێ ئەدا ، دوو پەخشانەکەی زەکی صائب و جەمیل صائب ، شکاندنی ڕێچکەیەك بوون بۆدەرکەوتنی چیرۆك و نۆبەرە ومژدەیەك بوون بۆ سەر هەڵدانی ئەو هونەرە ئەدەبی یە[١٨] ( مێجەرسۆن ) لەبەرئەوەی خۆی کوردی زانێکی باش بوو (( لەهەموو ئینگلیزی ئەو سەردەمە و بگرە پێش ئەو سەردەمەش زیاتر شارەزای کورد و ولاتی کوردو زمانی کوردیی بوو، حەزی ئەکرد زمانی کوردی پێشکەوێ و ببێتە زمانی نووسین )) [١٩]. **ئەووتارو بانگەوازانەی لە ڕۆژنامەکە**دا بلاوی کردونەتەوە ، نموونەیسەرەتای نووسینی کوردی پەتی و ڕێنیۆنی شێوازی نوێی داڕشتنە لەو قۆناغەدا، تەنانەت هەر ئەو بڕیاری ئەوەی داوە کە نووسینی بە هەڵەی ( سلیمانیە ) ڕاست بکرێتەوە و بکرێتە ( سلێمانی ) ولەهەمووکاروبارێکی کارگێڕی وحکومی دا بەم شێوەیە بەکاربێت بەمەش سیما عەرەبیەکەی لێ دوورخستەوە بۆ نموونە بڕوانە ئەم ئاگاداریە :(( بۆ زانین......... .. ناوی ( سلێمانی ) تا ئێستا لە دەفتەری ڕەسمی بەغداد وجێکانی تر ( سلیمانیە ) یان دەنووسی . بە ئەمری والی گۆڕرا، ناوی ڕەسمی لیواو شار لەمەولا بە ( سلێمانی ) نأو دەبرێت و ئەنووسرێت .... حاکمی سیاسیی مێجەرسۆن ))[٢٠].

( ڕۆژنامەی پێشکەوتن ) وەك ئاماژەمان پێدا زیاتر بایەخی بە وتارو پەخشان داوەو کەمتر لای لە شیعر کردۆتەوە ، تەنانەت دوان لەو سێ خەلاتەی بۆ نووسینی کوردی تەرخان کرابوون بەر پەخشانی ( بۆ چڕوکی زەکی صائب و( ڕۆژەوە بوونێك ) ی جەمیل صائب ) [٢١] کەوت .کەئەمەش ئەو بۆ چوونەی سەرەوە ئەسەلمێنێ.

## هونەری چیرۆك لە ( پێشکەوتن ) دا

لە بواری چیرۆکدا ، پێشکەوتن سەرەتایەکی باشی بۆ وەرگێڕانی چیرۆکی بێگانە دامەزراندووەو چەند چیرۆکی بەبەش بەش لە ژمارەکانیدا بلاوکردۆتەوە و ژیاننامەو بەسەرهاتی چەند زاناو داهێنەری لەسەر چاوە بێگانەکانەوە کردۆتە کوردی و بلاوی‌کردۆتەوە ، ئەگەر چی زۆربەیان ناوی وەرگێڕو سەرچاوەیان دیاری نەکراوە[٢٢] بەلام هاندەرو ڕێنیوێنی باشن بۆ پەرە پێدانی پەخشانی هونەری بە گشتی و چیرۆك بە تایبەتی . وەرگێڕانی بەسەرهات و ڕووداو چیرۆکەکان بە کوردییەکی پاراو و ڕەوان کراون ومۆرکی تواناو بەهرەی وەرگێڕیان پێوەیە ، بۆ نموونە ئەم چیرۆکەی ئەصمەعی- اصمعی کە سەعید

صدقی کردویەتی بە کوردی و لەدووژمارەی ٤١ و ٤٢ ی ڕۆژنامەکەدا بلاْوکراوەتەوە (( ئەصمەعی کە پیاوێکی زۆر گەورەو شیعر بێژێکی بەناوە، دەگێڕێتەوە، ڕۆژێ یەکێ لە پیاو ما قولانی عەرەب بانگی کردم بۆ ماڵی خۆیانی بردم تەماشام کرد هەرچی شیعر بێژو پیاوی زانست و تێگەیشتووی ئەو ناوە بوو لەوێدا دانیشتبون ، زۆری پێ نەچوودەستمان شۆررا ، سفرە داخرا، سینی و خوان هێنرا، نان دانرا هەموو ڕەنگە چێشتێ و هەموو تەرحە گۆشتێ، ئامادەو دەست بەخواردن کرا، لە خواردنا بووین لە پڕ ........ مل قوتی ،لنگ ڕووتی پێخاوسی، بێ دەرپێو کراس، سەرو ڕوو تۆزاوی ، چرۆچاو ڕیپۆقاوی ، دەست و پێ کرێژاوی ، کەچەڵ و چەپەڵ ، سیس و پیس ، چڵمن، لیکن، بێ سەلام و بێ بانگ کردن ، بە بێ شەرم و حەیا ، هات و شانی دادا ، لەسەر تەنشت ڕاکشا و هەردوو قاچی ڕاکێشا ، دەستیکرد بە خواردن ،بێ پرس کردن دەستی کرد بە خواردن چە خواردنێ وەك چۆڕاوگەی بە هارێ ڕۆن بە ئەنیشکیا دەهاتە خوارێ، ئەصمەعی دەڵێ : کە چنۆکی و نەوسنی بێ حەیایی ئەم چڵکنەی سەرو گوێ کوڵکنەم دی ، گوتم ئێستا ئەم کۆمەڵە بەم سیسە، پیسەڵە دێنمە پێکەنین .......هتد ))[٢٣]

ئەگەر چی لە ناو (١١٨) ە ژمارەکەی پێشکەوتن دا ،چیرۆکی هونەری نادۆزینەوە بەوشێوازە نوێیەی لە ڕۆژئاوا ولای عەرەبەکان لەو قۆناغەدا دەرکەوتووە ،بەلاّم هەندێ بابەت و کەرەسە هەن کە ڕایەڵی کورتە چیرۆکیان تێدایە وەك (چنینی چیرۆك وەك زمان و دایەلۆك و گێڕانەوە) بۆ سەلماندنی ئەم بۆ چوونە بڕوانە ئەم نموونەیە :

(( حیکایەتی پیاوی زۆرزانی پارە کەم و نەزانی پارە زۆرت بۆ بکەم....

ئەگێڕنەوە ئەم دووکەسە لەزەمانی پێشوودا لە وەختێکا نزیکی پیاوێکی یەکجار عاقڵ و ئیش زان بوون بە ئەمری خوا ئەو پیاوە عاقڵە بۆ ئیشێکی خۆی سەفەرێکی کردو گەیشتە جێ ......هتد ))[٢٤] لەم کورتە چیرۆکەدا شێوازی گێڕانەوە بەکار هاتووەو تێهەڵکێشکراوە بەشیعری پەند ئامێزو وتەی بەنرخ ،مەبەستی نووسەر کە ناوەکەی خوازراوە (ئادەم زادە) یە ئامۆژگارییە، بۆیە لە کۆتایی دا ئەنووسێ (( ئەم ئیش و کارانە کە لە پێشدا خەریکی بووین پێویست نیە چاوی لێ بقوچێنین و ماڵی زۆر بە تێکۆشان و خەریك بوون بێنینە دەست خۆمان ........ ))[٢٥]

ئەم سەرەتای دامەزراندنی کورتە چیرۆکە ،هەرچەندە سادەو ئامانجدارەو تەکنیکی نوێی تێیدا بەکارنەهاتووە بەلاّم هاندەربووە بۆ نووسینی لە( خەوما )ی جەمیل سائیب و (مەسەلەی ویژدان) ی — ئەحمەد موختار جاف .

## مەبەستەکانی شیعر لەڕۆژنامەی ( پێشکەوتن ) دا

وەك لەسەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کرد ، ڕۆژنامەی پێشکەوتن زیاتر بایەخی بە وتار داوە وکەمتر خۆی لەقەرەی شیعربلاّوکردنەوە داوە ،ئەمەش سیاسەتی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە دیاری کردوە و پلانی ئەوە بووەلە ڕێگای وتارەوە دەرفەتی زیاتر بۆ نووسەران والاّ بکات تا مەبەستیان ڕوونتر و ساناتر بگەیەنن ، دیارە شیعر بەهۆی پابەند بوونی بە کێش وسەرواوە ،بیر سنوردار ئەکات و دایەلۆگ لەگەڵ سۆز ئەکات و پەخشان لەگەڵ عەقڵ و بیر. لەگەڵ ئەوەشدا لەچەندین ژمارەدا شیعری شاعیرانی سەردەمەکە ئەخوێنینەوە لەوانە :

(م.نوری — شێخ صالح ، زێوەر ، عەلی کەمال ، بێخود ، حەمدی ، ڕەفیق حیلمی ، محمد فایەق ، فایەق زێوەر ، ئەسیری ، ئەحمەد موختار) و ژمارەیەکی تر کە ڕاستەو خۆ بەرهەمیان لە ڕۆژنامەکەدا بلاّوبۆتەوە و یەکەمجار بووە لە باشووری کوردستاندا ، شاعیران ئەو مرازەیان بێتەدی و بەرهەمی خۆیان لە ژیانی خۆیاندا بە بلاّو کراوەیی ببینن، ئەم کاریگەری چاپە، وای کردووەوەك ئەبینین ( زیاتر لە ژمارەیەك، شیعری تازە بلاّوکراوەتەوە .... زیاتریش ئەو شیعرە نمونەی قۆناغی نێوان کۆنی (کلاسیکی) و تازە (ڕۆمانتیکی) بوو کە نووری شێخ صالح و عەبدوللاّ گۆران و ڕەشید نەجیب ناویان نابوو (شیعری لاسایی عوسمانی )[٢٦]

ئەم دەستە شاعیرە نوێیە کە لە قۆناغی هەرەسی دەسەلاّتی عوسمانی و داگیرکردنی ئینگلیز دا ژیاون و ڕۆژنامەیان بە کوردی بینیوە ، لە زۆر مەسەلەی باوو سواو لایان داوە و پەیامێکی نوێیان بە شیعر سپاردوە کە زیاتر لایەنە کۆمەلاّیەتی و نیشتمانیەکەیەتی ، ئەگەر شیعری غەزەل و یادگاری کۆن ناو بە ناوێك لە ژمارەکانی ( پێشکەوتن ) دا بە چاو ئەکەون بە

تایبەت ژمارە سەرەتاییەکان ، بەلاَم هەر زوو ناوەڕۆك و مەبەست بەرەو ستایشی ڕۆژنامەو خوێندن و پێشەوەری هەوڵی گەشەکردنی کۆمەڵگا، وەرگەڕاو شیعر زیاتر ئامانجدار و هەڵگری پەیامداری بوو وەك ئەوەی دەربڕینی خوولیای خودی و ئەزموونی کەسیبێت ، بۆ نموونە لە ژمارە ١٠ دا ، شێخ نووری شێخ صالح لە جێی سەروتار بە شیعر ئەنووسێ :

ئەم مژدە خۆشە خەو بوو یا گوێم زڕایەوە

یا ڕاستە پەردەی طەڕەبە هەڵدرایەوە

یا ئەنجم تەرەقی کردو طلّوعی

یانووری مەعریفەت لە وڵاتا پڕژایەوە

تاکە نیدا لە غەیبەوە هاتووە بڵێ

پێشکەوتنە لە مەملەکەتا دەنگی دایەوە

.........    .........    .........

لەوساوە کە هاتنی تۆم بیستوە دەڵێم

ئۆخەی شوکر چراغی جەهالەت کوژایەوە

وا تێمەگەن کە مەطبەعە بێ قەدەرو قیمەتە

کارێزی عیلم و مەعریفەت پێی ژیاوە

.........    ......  .......    .......

بنواڕە نووری مەعریفەت و لە معەی کەمال

بەم مەطبەعەی حکومەتە چۆن شەوقی دایەوە (٢٧)

ئەم شیعرەی شێخ نووری لەوپارچە دەگمەنانەیە کە بەسەرگرنگی و بایەخی لە کۆتـایی نـەهاتووی چاپخانـەدا وتـراون ، ئەمـەش دەنگدانەوەیـەکی ڕاستگۆیانەی نـاخی دەستە بژێـری ئـەو سـەرەتایەیە کـە دواتـر هـەر ئـەوان بوونـە قەڵـەمی ڕۆژنامەکانی شێخ مەحمود و نەیانهێشت ئەو کارێزی زانین و پردی پەڕینەوە یە بۆ ڕوناکی وشك بکات وهەرەس بهێنێ .

شیعری کۆمەلاَیەتی ئەو ئامانجەی شاعیرانە کە پێشکەوتنە وهەوڵیان داوە لەو ڕێگایەوە ،دەردە کۆمەلاَیەتیـەکان بخەنـە ڕوو و گرفتی ڕۆژگارەکە کە خۆی لە نەزانین و هەژاری و نەخۆشی دا ئەبینیـەوە بوروژێنـن لـە ڕۆژگـاری دوای شـەڕی یەکـەمی جیهـانیدا، ئـەنجامی چەکـەرەی بـیری نیشـتمانی و نەتـەوەیی لای دەسـتەیەك شـاعیری کـورد بەتایبـەت لـە ڕۆژهـەلاَت و باشووری کوردستـاندا ، بووە هۆی بلاَوبوونەوەی ئەو بەرهەمانەی دیمەنی ڕەنگینی نیشتمان و ئاوڕدانەوە بێت بـۆ سروشـتی دەست لێ نەدراوی کوردستان و بەراوردی لەگەڵ دووره وڵاتی و غوربەت ،ئەم سەرەتایە لـە شـیعری نیشـتمانی دواتـر بـووە هەوێنی شیعری سیاسی و سرودی پڕ جۆشی نەتەوەیی.

ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەشێکی لەو سـەرەتایە گرتـۆتـە خـۆی کـە بـە شـیعری نیشـتمانی ئـاوزەد ئـەکرێت وپـەلی بـۆ هـەموو جوانیەکی وڵات وساباتی ئارامی نیشتمان هاویشتووە ، سۆزو خەیاڵی شاعیر پانتایی وێنە شیعرییەکانی بەرزڕاگرتووە ، بۆ نموونە ( کەمالی ) لە پێشکەوتن ) دائەنووسێ:

ئەم خاکە پاکە جەوهەری ئەکسیری ئەعزەمە

ئەم خاکە نووری دیدەی کەیخوسرەو و جەمە

ئەم خاکە یە وەدیعەی کوردانی نامدار

ئەم خاکەیە ئەمانەتی ئەجدادی پڕ ویقار

پەروەردە بووین لە باوەشی شەفەقەتی مەئابیا (٢٨)

ئەو بابەتە شیعریانە لە دوا ژمارەکانی ڕۆژنامەکە دا زیاتر دەرئەکەون ، ئەمەش بـەهۆی ئـەو بارودۆخـە سیاسیەی لەو ڕۆژانەدا لە ئارادابووەو جموجۆڵی سیاسی و ئەزمونی گەلانی دەورو بەر کەوتۆتە کوردستانی

باشوورو دەنگ و باسی گەڕانەوەی شێخ مەحموود سەربڕاسی ناوەندەکە بووە، هەربەوهۆیانەوەیەئەبینین ئەم بابەتە نیشتمانیە لەدوا ژمارەکانی رۆژمەکەدازیاتر بەرەو ئاراستە سیاسیەکە ئەچێت و شێوازی وریابونەوەو زەنگی سەردەمێکی نوێ و بەدیهێنانی ئاواتە مێژینەکانی ئەخاتەوە یادو ئەوەتا ( حەمدی ) لەروو پەری ژمارە ( ١١٤ ) دا زۆرگەشبینەو ئاسۆی ئایینده رووناك ئەبینێ :

بابزانن عالەمێ چەندە وەفا کردارە کورد
هەردەبێ تەعریفیئەصلی خۆی بکا ناچارە کورد
زۆرقەدیمن زۆرن ئەمما تەفرەقەی کردن زەمان
وەرنە قەومێکی نەجیب وصاحبی مقدارە کورد
خاکی کوردستانە جێگەی ئەکمەلی ئەهلی کەمال
ئەکسەری ئینسانی میسالی تیغی جەوهەرداره کورد
گەررەقابەت مانعی ئەم قەومە نەبوایە بابان
دەوڵەتێ بوو سەربەخۆ، ئەسبابی هێشتا دیارەکورد [٢٩]

ئەم شیعرە نیشتمانیانە بوونە هاندەرو پێشەنگی شیعری سیاسی و سرود کە نموونەیان لە دوای ( پێشکەوتن ) و دەرچوونی ( بانگی کوردستان ) و ( رۆژی کوردستان ) و ( ئومێدی ئیستقلال ) دا دەرکەوتن و دروشمی سیاسی و بیرو سۆزی سەربەخۆی بەشێکی ناوەرۆکی شیعری ئەو قۆناغەی گرتەوە [٣٠]

ئەبێت لەم باسە کورتەدا ئەو نمونە شیعریانە لە یاد نەکەین کە سەرەتای تەوژمی رێبازی رۆمانتیکی بوون لە ئەدەبی کوردی ئەم ناوچەیەدا چ بە شێوەی وەرگێران لە ئەدەبی تورکی و چ بە هەژانی هەست و سۆزی شاعیر ، نموونەیان لە رۆژنامەی ( پێشکەوتن ) دا دیارن، شێخ نووری ( م.نوری ) سەرئامەدو رەچە شکێنی ئەم بوارە بوو کە دواتر پیرەمێردو گۆران و شاعیرانی تر کردیانە رێبازو لەنێوان هەردوو شەڕی جیهانیدا ئەدەبی کوردیان پێ دەوڵەمەند کرد.

شێخ نووری وەك گۆران وتەنی لەو ساڵانەی ( پێشکەوتن ) دا ٩٢٠-٩٢٢ ئەو بەرهەمە رۆمانسیانەی بلاوئەکردەوە و ناوەندە ئەدەبیەکەی پێ ئاشنا ئەکرد ئەوەتا لە شاعیرێکی رۆمانتیکی تورکەوە ( رەجائی زادە ئەکرەم بەگ ) ە وە ، شیعرو ( نمونەیئەدەبیهەڵبژاردە ) ئەکاتە کوردی و بلاوی ئەکاتەوە [٣١]

هەر لە ( پێشکەوتن ) دا م. نووری بۆ یەکە مجار شیعرە نایابەکەی ( شەوی ) بلاوکردۆتەوە کە تا ئەمرۆ وەك شاکارێکی شیعریچێژو ئاوازو رێتمی خۆی پاراستووە :

خۆت بپارێزە لە ئاهی دڵ بریندارانی شەو
نەك خدا ناکردە گیرابێ دۆعای نالانی شەو
یاوەرو یارو ئەنیسم ئاه و ئەشکی حەسرەتە
ئافەرین ئەی بارە کەڵلا دیدەی گریانی شەو [٣٢]

ئەتوانین نموونەی شیعرو بەرهەمی شاعیرانی سەدەی نۆزدەیەم بە کەمی و وەك دانسقە بدۆزینەوە ، زیاتر بەرهەمەکان زادەی قەڵەمی شاعیرانی ئەو قۆناغەن و بە ڕێنووسی کوردی ئەو ڕۆژگارە نووسراون کە بەبەراورد لەگەڵ دیوانە شیعرییەکاندا زۆر لایەنی جیاوازیان دەرئەکەوێ ، دیارە بۆ دەستنیشانکردنی گەشەی ڕێنووسی کوردی ، ڕۆژنامەی ( پێشکەوتن ) نرخ و بایەخێکی گرنگی هەیە و تۆماری وێنەی دەنگ و شێوازی دەربڕینی و جۆری بیرکردنەوەی ئەو چارەکەی یەکەمی سەدەی پێشووە.

## ئەنجام

لە دوای خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی ( ١١٨ ) ژمارەکەی ڕۆژنامەی پێشکەوتن ١٩٢٠-١٩٢٢ ئەتوانین ئەنجام لەچەند خاڵێکی چڕدا بخەینە ڕوو :

یەکەمین هەوڵی نووسینی پەخشانی ڕۆژنامە نووسیی یە لەباشووری کوردستانداو پردی گواستنەوەی دەربڕینی زارەکی‌یە بۆ نووسین ، ئەم هەوڵە دەست پێك و سەرەتا سەرکەوتوانە بەئامانج گەیشتووە و ژانرەکانی ڕۆژنامەنووسی کەکەمتر شاعیرو نووسەرو خوێندەوارانی کورد بەزمانیکوردی پیێ ئاشنابوون ،لەژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەوە سەقامگیربوون و سنوربەندی خۆیان وشێوازو تەکنیکی هونەری خۆیان دیاری کرد .

ڕێبازە ئەدەبیەکان بەتایبەت ڕێبازی کلاسیکی قۆناغی گواستنەوەو ( بەشێوە کۆن وبەناوەرۆك نوێ ) ،هەروەها ڕەنگدانەوەی تەوژمی ڕۆمانتیکی بەشیعرو پەخشانی نووسراو وەرگێڕاوە ،وەجیێ یخۆیان لەڕۆژنامەکەدا کردۆتەوەو گۆڕانکاریان لەمەبەست و دەربڕینی شیعری کوردیدا کردووە .ئەم ڕۆژنامەیە کە هەفتانە و بەبەردەوامی دەرچووە مەودای فراوانی بۆشاعیرو نووسەرانی ئەم قەڵەمڕەوە والآکردووە تا جگە لە شیعرلەڕێگای وتارو نووسینی ڕۆژنامەنووسیی یەوە پەیوەندی بەخوێنەرەوە بکەن و ڕاستەوخۆ بەشداری بزافی وریابوونەوە بکەن ٠

( پێشکەوتن ) بەدەرلەو مەبەست و ئامانجە سیاسی‌یەی لە پێناوی دا دەرچووە ، شوێنێکی دیارو کەلێنێکی گەورەی لە مێژووی ڕۆژنامە نووسیی کوردیدا گرتووە کەئەگەر بەچاوی سەردەم و قۆناغەکە سەیری بکەین ، پرۆژەیەکی ووریابوونەوە و نزیك کردنەوەی خواست و مەرامی دەستە بژێری ئەو ساڵانەیە و هەنگاوە بۆ پێکهێنانی کاری ڕێکخراوەیی و پرۆژەی ئەدەبی و زانستی و سیاسی هەرەوەزی ٠

## پەراوێزوسەرچاوەکان :-

- سەرنووسەروسەرپەرشتکاری ڕۆژنامەی ( پێشکەوتن ) میجەرسون حاکمی ئینگلیزبوو لەسلیمانی، قەبارەی ٣٣سم x ٢٠سم بوە ، زۆربەی ژمارەکانی بە چوار لاپەڕە دەرچووە و بەشێکی بە شەش لاپەڕە ٠

١- ئەبێت لێرەدا ئاماژە بەو هەوڵە بە نرخە بدرێت کە ( عەلی ناجی ی کاکەحەمە و سیروان بکر سامی ) کردویانە بۆ کۆکردنەوەو هەموو ژمارە کانی پێشکەوتن و نوسینی پێشەکیەکەی د٠ مارف خەزنەدار بۆ ئەو بەرهەمە کە ئەم کارە ئەرکی توێژەری ئاسان کردووە ٠

هەروەها توێژەری ئەم باسە وتارێکی لەیادی ساڵ ڕۆژی ئەم ڕۆژنامەیەدا بلأوکردەوە بۆ مەبەستی بەیادکرنەوە و خوێندنەوەی تری ژمارەکانی بڕوانە :

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارەکانی ٢٧٤٩ ، ٢٧٥٠ ڕۆژانی ٧ ، ٨ /٥/٢٠٠٢

٢- حمەنوری عمرکاکی ، شێوازلەشیعری کلاسیکی کوردیدا ، نامەی ماستەر( چاپ نەکراوە ) زانکۆی سەلاحەدین ، ١٩٨٩ل ٥٤

٣- دکتور عیزە دین مصطفی رسول ، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی ، چاپخانەی سلمان الأعضمي ، بەغدا ، ١٩٧١ ل ٣١

٤- بڕوانە :شێخ حسینی قازی ، مولودنامە ، چاپخانەی ( نجاح ) ، بەغدا ، ١٣٥٤ھ/١٩٣٥م ٠

٥- بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستە شیعریانەی ڕێبازی کلاسیکی ونموونەی بەرچاویان بڕوانە :عثمان عبدول معروف بەرزنجی ،ڕۆڵی شاریسلێمانی لەئەدەبیاتی کوردیدا تاکۆتای سەردەمی بابانەکان ،نامەی ماستەر( چاپ نەکراوە ) زانکۆی سەلاحەدین ، ١٩٩٥ ز ل ١٩٨ تا ٢٢١

٦- بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە شۆڕشەکانی ڕاگەیاندن ، بڕوانە :-

د٠ عبداللطیف حمزة ، الاعلام لە تاریخە و مذاهبە ، قاهرة ، ١٩٦٥ ٠

٧- د٠ کمال مەزهەر ئەحمەد ، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد ، بەشی یەکەم ، شرکة ومطبعة الادیب ، بغداد ، ١٩٨٥ ل ١٥٣ - ١٥٤

٨- ( پێش کەوتن — یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی ١٩٢٠ — ١٩٢٢ ، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی بۆ چاپ ) عەلی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتار — سیروان بکر سامی ، پێشەکی د٠ مارف خەزنەدار ، هەولێر ، ١٩٩٨ ل٤

٩- پێشکەوتن ژ١ س١ ، ٢٩/ئەپریل ١٩٢٠ ل١ سەروتار ( سەرنج : نووسینەکانی ناو ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەڕێنووسی نوێ ئەنووسینەوە ) ٠

١٠- پێشکەوتن ژ٧، س١ ، ١٠جون ١٩٢٠ ، ل٢ ٠

١١- د٠ کمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٧٨ ل ١٣٠ ٠

١٢- بڕوانە : دیوانی نالی ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی : مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد ١٩٧٦ز

١٣- پێشکەوتن ژ١٠ ، ١ی جولای ١٩٢٠ ل ١

١٤- بڕوانە : سعید صدقی ، مختصری صەرف و نەحووی کوردی ، چاپخانەی نەجاح بەغدا ١٩٢٨

١٥- بڕوانه : وتاری ( نووسینی کوردی ) ڕۆژنامەی پێشکەوتن ، ژ ٤٢، ١٩٢١/٢/١٠

١٦- فاروق عەلی عمر ، ڕۆژنامەگەری لە عێراقدا ، بەرابیەکان ١٩١٤-١٩٣٩ وەرگێڕانی تاریق کاریزی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر٢٠٠١ ل ٨٣

١٧- بڕوانه : پێشکەوتن ژ ٢٧ و ژ٣٠ ، ڕۆژانی ٨/٢٨، ١١/١٨ ی ١٩٢٠.

١٨- بڕوانه : عومەر مەعروف بەرزنجی ، لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٩، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٨ ل ١٢ ، ١٣

١٩- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی ، سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٤ ، ، ١٠٥

٢٠- پێشکەوتن ژ١٢س ١ ، ١٥ جوڵای ١٩٢٠ ل ٤

٢١- بڕوانه ، پێشکەوتن ژ٣٠ ، ١٨ نۆڤمبەر ١٩٢٠.

٢٢- بڕوانه ژمارەکانی ٥٩ تا ٦٧ ، هەروەها چیرۆکی ( ئەلکساندەر دۆماس ) بە وزنجیرە لە ژمارەکانی ٧٨ و دواتر .

٢٣- پێشکەوتن ژ ٤١، ٤٢، ٣ و ١٠ ی فەبریوەری ١٩٢٠ (( دەستکاری ڕێنووس کراوە م.د. ))

٢٤- پێشکەوتن ژ ٥٣ ، ٢٨ ئەبریل ١٩٢١ ل ٣ ( دەستکاری ڕێنووس کراوە )

٢٥- هەر ئەو سەرچاوە و لاپەڕەیە .

٢٦- بڕوانه : پێشەکی د. مارف خەزنەدار بۆ ڕۆژنامەی پێشکەوتن ل ٥.

٢٧- پێشکەوتن ژ١٠ ، جولای ١٩٢٠ ل ١ ( دەستکاری ڕێنووس کراوە )

٢٨- پێشکەوتن ژ١١٠ ، ١جون ١٩٢٢ ل ٢( دەستکاری ڕێنووس کراوە )

٢٩- پێشکەوتن ژ١١٤ ، ٢٩ جون ١٩٢٢ ( دەستکاری ڕێنووس کراوە )

٣٠- بڕوانه ئەو ڕۆژنامانەی سەردەمی حوکمداری شێخ مەحمود ١٩٢٢ -١٩٢٤)

٣١- بڕوانه پێشکەوتن ژ ٩٢ ، ٢٦، جەنیوەری ١٩٢٢.

٣٢- پێشکەوتن ژ٩٩، ١٦ مارت ١٩٢٢، ئەم پارچە شیعرەی م. نوری لە ڕۆژنامەکەدا ناونیشانی بۆ دانەنراوە.


## ملخص البحث

تعد جريدة پێشكەوتن ( التقدم ) اولى الجرائد الصادرة في السليمانية خلال سنوات ١٩٢٠- ١٩٢٢.
استطاعت هذه الجريدة وعبر ١١٨عددا ان تفتح الأبواب على مواضيع ادبية وثقافية عديدة ، مع ان الهدف الأساس من اصدار جريدة پێشكەوتن ( التقدم ) هو الدعاية للمحتلين البريطانيين المنتصرين في الحرب العالمية الأولى وضد العثمانيين بالأساس، لكنها تمكنت ان تسدي خدمات جليلة الى الأدب المعاصر .
يحا ول هذا البحث ان يتعرَف القارىء على اهمية هذه الجريدة ودورها الفاعل في اطارها الزماني ، وكذلك يسلط البحث الضوء علىالشعراء والكتاب الذين حاولوا جاهدين توعية الجماهير وسجلو للتاريخ مواقفهم القومية والوطنية.

# Abstract

*Peshkewtin newspaper is the first Kurdish newspape to be published in Sulaimani from April 29th, 1920 to July 27th, 1922.*

*Though this newspaper was published by the order of the British political authority, which was basically motivated by politics and information in the history of Kurdish journalism objectives. This newspaper is unique in that it issued 118 copies.*

*This newspaper has offered a lot of services to Kurdish literature and cultural movement in Sulaimani and its outskirts. It has been a motivation to Kurdish prose art, social discourse, political and economic writings. It has changed the Kurdish language from spoken language to written language. It has introduced the profession of journalism to the area and has encouraged many poets and writers of that time to be busy with journalism career as well to serve Kurdish contemporary literature. This study deals with those aspects of literature and journalism which for the first time in a brief study and such a kind of newspaper introduce the significance and value of this newspaper at the time.*